**هەواڵی ڕۆژنامەوانی**
**ئاماری ڕووپێوی مۆلیدەکانی کارەبا لە کەرتی تایبەت بۆ ساڵی 2021**

**بڵاوکراوە لە کانونی دووەم - 2024**


## رووپێوی مۆلیدەکانی کارەبا لە کەرتی تایبەت

رووپێوی مۆلیدەکانی کارەبا بەشێکە لە ڕووپێوەکانی پیشەسازی بچووك کە ژمارەی کرێکارانی بە پێی پۆلێنی نێودەولەتی لە 1 تاوەکو 9 کرێکاردەبێت. ئەم ڕووپێوە بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی عیراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 ئەنجامدرا بەهاوبەشی لەگەل دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق، کە تیایدا زانیاریەکانی ساڵی 2021 لەسەر مۆلیدەکان وەرگیرا وە رووپێوەکە بەشێوەی نموونە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.

بەپێی ئەنجامەکانی رووپێوی مۆلیدەکانی کارەبا دەردەکەوێت کە ژمارەی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان 7354 مۆلیدەیەو لەلایەن 3108 کەسەوە خاوەندارێتی دەکرێن، لەو ژمارەیە تەنها 14 خاوەن مۆلیدە ئافرەتن.

7746 کرێکار لەکەرتی مۆلیدەکان لە ساڵی 2021 کاریانکردووە و کۆی گشتی مووچەی سالانەی کرێکار زیاتر بووە لە 36 ملیار و 469 ملیۆن دینار بە تێکڕای مووچەی مانگانەی 392 هەزار دینار بۆ هەر کرێکارێك. لەم ژمارەیە 166 کرێکار تەمەنیان لە خوار 18 سالیەوەیە. 34% ی خاوەن مۆلیدەکان بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە و نزیکەی 21% یان بێ بڕوانامەن. سەبارەت بە کاتژمێرەکانی کارکردنی مۆلیدەکان، تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردن لە هەرێمی کوردستان 9 کاتژمێربوە لە ڕۆژێکدا بۆ ساڵی 2021.


*ژمارەی مۆلیدە و کرێکارانی کەرتی مۆلیدە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان لە ساڵی 2021*



له هەرێمی کوردستان ملیۆنێک و 311 هەزار و 598 هاوبەشی کارەبای موەلیدە هەن، زۆرترین هاوبەش له پارێزگای سلیمانیە بە رێژەی 38%. هەروەها 5 ملیۆن و 290 هەزار و 169 ئەمپێر کارەبا دراوە بە بەشداربوان.

داهاتی مۆلیدەکان لە ساڵی 2021 زیاتر بووە لە 726 ملیارو 308 ملیۆن دینار. بڕی سوتەمەنی بەکارهاتوو بۆ مۆلیدەکان زیارتر بووە لە 754 ملیۆن و 822 هەزار لیتر لە ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان.

*داهاتی مۆلیدە ئەهلییەکانی کارەبا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ ساڵی 2021، بەها بە 1000 دینار*




بڕی ئاوی بەکارهاتوو بۆ ساردکردنەوەی مۆلیدەکان لە ماوەی یەك ساڵی کارکردنیان (1154391)م3 بوە، 64% تۆڕی گشتی ئاو بەکاردەهێنن بۆ مەبەستی ساردکردنەوەی مۆلیدەکان.

کۆی گشتی بەهای هەبووە جێگیرەکان لە مۆلیدەکان زیاترە لە 205 ملیار و 652 ملیۆن دینار.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە:
ئیمێل : contact@krso.gov.krd
ماڵپەر: www.krso.gov.krd
مۆبایل: 07508963143

زنجیرة 156